# دیاردەی فەندەمینتالیزم و گرفتەکانی

گفتوگۆی هاشم ساڵح لەگەڵ محەمەد ئارگۆن
وەرگێڕانی لەعەربیەوە: محەمەد حسێن



محەمەد ئەرەگۆن

و: محەمەد حسەین

### پێشەکییەک:

دەمویست لەم چاوپێکەوتنەدا دەربارەی دیاردەیەك پرسیار لە محەمەد ئارگۆن بکەم، کە ئێستا هەمووجیهانی بە خۆیەوە خەریککردووە، مەبەستم دیاردەی فەندەمینتالیزمە (ئسولّیەت) دیارە وەك شێوازی هەمیشەیی خۆی کەوتە باسکردنی هۆکارە وردو قوڵەکانیان، بە وتەکانیدا دیارە، پێی وایە دیاردەیەکی بوونیادیەو بۆ ماوەیەکی دورودرێژ کۆمەڵگا عەرەبی و ئیسلامیەکان بەخۆوە خەریکدەکات، لەوانەیە ئەم شەپۆلەیان بڕوات، بەڵام ئەو پرسیارانەی خستوومەتە ڕوو هەردەمێنێتەوە، مادام دەستنیشانکردنێکی ڕاست و چارەسەرێکی گونجاوی بۆ نەدۆزرێتەوە. ئارگۆن بۆئەوەی زیاتر تیشکبخاتە سەر بابەتەکە لە گۆشەی میتۆدی بەراوردکارییەوە قسەی لە سەردەکات، بەراودی بەفەندە مینتالیزمی مەسیحیەت دەکات، کەوا ڕۆژئاوای بۆماوەی دووسەدە بە خۆیەوە خەریککرد، هەروەها لە چاو پێکەوتنەکەدا رووبە ڕووی چەند مەسەلەیەکی تردەبێتەوە کە تایبەتە بەلێکۆڵینەوە لە کەلەپور (تراث) وەك جیاکاری نێوان پرۆژەی "ڕەخنە لە ئەقڵی عەرەبی) محەمەدعابد جابری و پرۆژەکەی خۆی "ڕەخنە لە ئەقڵی ئیسلامی"

هاشم

**هاشم: فەندەمینتالیزم بووەتە بابەتی خەریککردنی جیهانی عەرەبی بەدرێژایی ئەم سالانەی دوایی, چۆن لەم دیاردەیە تێدەگەیت و چۆن هۆکارەکانی شی دەکەیتەوە؟**

ئارگۆن: ناتوانین لە فەندە مینتاڵیزم تێبگەین لە ناو ئیسلامدا، تەنها ئەو کاتە نەبێت بەراوردی بکەین بەفەندە مینتاڵیزمی ناو ئاینەکانی تر. ناکرێت بەشێوەیەکی ڕاست شیبکەینەوە تەنها ئەوکاتە نەبێت میتۆدە مێژووییەکانی بە سەردا جێبەجیٚ دەکەین، ئەوەی کرا لە سەر فەندەمینتالیزمی مەسیحیەت جێبەجێکرا، بۆ نموونە ئێستا کاتی ئەوە هاتووە فکری عەرەبی ئیسلامی دەستبکات بە خوێندنەوەی ئەوانەی کە وا لە دەرەوەی خۆی ڕوودەدات، بە تایبەتی لەبواری ئەو لێکۆڵینەوە تازانەی لە سەر ئایینەکان بەشێوەیەکی گشتی دەکرێت، مەبەستم لێکۆڵینەوەکانی پەیوەست بە دیاردەی ئایین و ئەو ئەرکانەی بەجێی دێنێ لە کۆمەڵگادا. لێرەدا داوا لە موسڵمانان دەکەم بایەخی زیاتر بدەن بەوەی کەمێژوو فێرمان دەکات، بەوەی لەزانستە کۆمەڵایەتیەکانەوە




لەبارەی ئاینەوە فێردەبین، دواجاریش بۆئەوەی لە دیاردەی ئایین تێبگەین ناچارین بەناو زانستە کۆمەڵایەتیەکاندا تێپەڕین، مەبەستم ئەوەیە زانستە کۆمەڵایەتی و مرۆڤایەتیەکان بەسەر کەلەپوری ئیسلامیدا بەکاربێنیین، وەك چۆن ماوەیەکی زۆر پێشتر بەسەر کەلەپوری مەسیحیەتدا لە ئەوروپا دا هەمانشت کرا، بێگومان ئیسلامە کۆنزەر فاتیڤ (کۆنە پارێز) و فەندەمینتالیستەکان وەلاممان دەدەنەوە بەوەی کە زانستە کۆمەڵایەتیەکان لەسەر کەلەپوری ئیسلام جێبە جێناکرێت, چونکە بەرهەمی خۆرئاوایەو هیچ پەیوەندیەکی بە ئیسلامەوە نییە، ئەم هەڵوێستە خراپە لەزانستە کۆمەڵایەتی و مرۆڤایەتییەکان هەربەتەنها لای فەندە مینتالیستەکان نییە، بەڵکو ئەمە تائیستا هەڵوێستی

زورێك لە ڕۆشنبیرانی عەرەب و ئیسلامە, بەڵام خۆشبەختانە هەندێك هەڵاواردن (استثناء) هەیە، بەم جۆرە ئیسلام بە داخراوی دەمێنێتەوە لەناو بازنەیەکی کەلەپوری داخراو بەسەر خۆیدا، ئەمانە نایانەوێت دەرگای گفتوگۆیەکی فروان بخەنە سەرپشت، بۆئەوەی کە شێکی تازە دروستبکەن، نایانەوێت زانستە کۆمەڵایەتیەکان بەسەر کەلەپوردا جێبەجیبکەن، لە پێناوی تازەکردنەوەو جارێکی تر لێکدانەوەی ئیسلام وەك دیارەدەیەکی ئاینی گەورە لە ناوکۆمەڵێك دیاردە؛ تردا.


محەمەد ئەرگۆن

ئەوان تێناگەن لەوەی میتۆدی بەراوردکاری چەند بەکەڵکە بۆ تێگەیشتن لەخود, چونکە ئاینی دیکە جگە لە ئیسلام لە جیهاندا هەیە، وەك مەسیحیەت، جولەکە بوزیەت هیندۆسی... هتد. ئیسلام وەکو دیاردەیەکی ئاینی بەشێوەیەکی ڕەها جیاواز نییە لە دیاردە ئاینیەکانی تری تایبەت بەو ئاینانەی پێشتر ناومان بردن، دیارە ئەم هەڵوێستەشمان هەڵوێستێکی زانستیانەیەو ناکۆکە لەگەڵ هەڵوێستێکی ئیمانی و بڕوای یان تەسلیمی و سۆزداری کە لەباو باپیرانەوە مابێتەوە. ئیسلامێکی تەقلیدی و فەندەمینتالیست لەهیچ شتێکدا لە هەڵوێستی مەسیحیەکی تەقلیدی یان جولەکەیەکی تەقلیدی جیا نییە، هەریەك لەمانە لەناو کەلەپورەکەی خۆیدا داخراوەو بەڕەهای دەزانێت و هیچ شتێکی تری جێگای بڕوا نادوزێتەوە ئەمە نەبێت و هەموو ئەوانی تریش بەهەڵە دەزانێت، مەبەستم لە هەڵوێستی تەسلیمی وسۆزداری ئەوانەیە کە دەیانەوێت قسە لەسەر ئیسلام بکەن بەس لەڕێگای ئیمانێکی تەقلیدیەوە، کە هەموو ڕێچکەیەکی شیکاری، زانستی وعەقڵانی ڕەتدەکاتەوە. مادام ئەم ڕەتکردنەوەیەش باوە مەحاڵە هەنگاوێك پیشکەوین. بێگومان ڕەخنەی مێژوویی ئازاد پێویستە لەسەر فکری تەقلیدی بەشێوەیەکی گشتی بەسەر فەندەمینتالیستەکان و خەڵکانی تریشدا جێبەجێ بکرێت.

**هاشم: هەندێك دەڵێن فەندە مینتاڵیستەکان تەنها ڕەوتێك لەناو ئیسلامدا وەردەگرن و ڕەوتە ئەقلانیوهیومانیستەکانی ترفەرامۆشدەکەن, وەکو موعەتەزیلەکان و فەیلەسوفەکان رات چییە لەسەر ئەم بۆچونانە؟**

❑ ارگۆن: ئەمە راستە, بەڵام ئەم شەپۆلە فەندەمینتالیستە (سەلەفیە) هەر لەسەدەی سیازدەهەمەوە سەرکەوتووە و جێگیربووە، ئەمە داهێنانی ئەمڕۆ نییە فەندە مینتاڵیسەکانی ئێستا ڕەگیان لە ڕابردوداهەیە. بەڵکو ڕابردوویەکی دووریشە ئەمانە کاردەکەن و لەناو زەمینەیەکی گونجاودا پێگەیشتوون. زەمینەیەك کەواماوەیەکی زۆرە ئامادەکاری بۆ دەکرێت ئالێرەدایە نهێنی خێرا بڵاببوونەوەی هێزیان. لە زۆربەی وڵاتە ئیسلامیەکاندا قوتابخانە فقهیەکان تەشەنەی کردووە، هەر وڵاتەو ئاینزایەکی زیاتر لە ئاینزاکانی تری خواست و وەرگرت، لە تورکیا ئاینزای حەنەفیان پێخۆشبوو، لە سعودیە حەنبەلی، لە میسر شافعی، لەمەغریب گەورە مالکی، لە ئێران جەعفەری شیعی ... هتد ئەم تایەبتکردنە تەسکە وەکو گەڕانەوەیەك وابوو لەو فرەی و پلورالیزمە فکری و برواییەی کە واباوبوو لەسەردەمی کلاسیکیدا یان سەردەمی زێڕینی شارستانیەتی عەرەبی– ئیسلامی، هەمە ڕەنگی و فرەیی ئاسایی بۆ پێش هاتنی سەردەمی دواکەوتن و خۆ دووبارەکردنەوەو دواخستنی دەرگاکانی ئیجتهادکردن. بۆیە هەرئەوە بەس نییە بڵێین فەندەمینتالیزم لادانە لە ئیسلام یان پەیوەندی بە ئیسلامەوە نییە، ئەمە کێشەکەمان بۆچارەسەرناکات، کێشکە قوڵترە لەمەوە فەندەمینتالیستەکان و خەڵکانی تریش دەگرێتەوە. ئەوان خەڵکانێك نین هەموودەقەکانی فکری ئیسلامی بناسن، بۆیە ئەوەی دەیزانن ئەو ئاراستەیەیە لە مێژوودا زاڵبووە. ئەویش ئاینزاکانی شیعە وسونە، بەڵام هەردوو مەزهەبی شیعەو سونەش هەر لە سەدەی سیازدەهەمەوە تووشی تەسك بیری و چەقەبەستنێکی ترسناکبوون، ئەمەش بەردەوامە تاڕۆژگاری ئەمڕۆمان، ئەم داخرانە مێژووییە تائێستا لەلایەن ئیسلامیەکانەوە بەشێوازێکی زانستی لیی نە کۆڵراوەتەوە، گەرلێکۆڵینەوەیان تیا بکردایە تێدەگەیشتن ئەو بارودۆخەی ئێستا دەناڵێنن بەدەستیەوە دەگەڕێتەوە بۆ ئەو سەدە

تاریکانەی تائێستاش لێی دەرنەچوون. ئەمەش مانای وایە ئێمە میراتگری ئەو سەردەمانەین کە بەتاڵە لەهەموو دەوڵەمەندی و پلورالیزمێکی فیکری و بڕوایی, میراتگری ئیسلامی سەردەمی کلاسیك نین (ئیسلامی سەردەمی کلاسیك شەش سەدەی سەرەتای مێژووی ئیسلام دەگرێتەوە, یان تاوەکو مردنی ئیبن ئەلروشد ) ئەمە ڕاستیەکی مێژوویی بەڵگە نەویستە. دواجار پێویستە لەڕوانگەیەکی مێژووییەوە سەیری مەسەلەکان بکەین، بۆ ئەوەی تێبگەین بۆچی ئەمرۆش دەشڵەژێین لەو شتانەی کەهەمیشە تێیدا شڵەژاوین، گەر ئەمە نەکەین، ئەوا تێناگەین بۆچی فەندەمینتاڵیزم گەشە دەکات و لەهەموو شوێنێك بڵاو دەبێتەوە. ناکرێت لەم شتانە تێبگەین گەر لەماوەیەکی کورتی زەمەنیدا سەیری بکەین, یان لەبیست ساڵی ڕابردووەوە ببینین (بابڵێن لەشۆڕشی خومەینی ١٩٧٨)وە. پێویستە مەسەلەکان لەڕوانگەی ماوەیی دووری مێژووەوە ببینین وەك ئەوەی مێژوونووسی بەناوبانگ (فرنان برۆدێل)کردی بۆ ئەوەی تێبگەین لەنهێنی ئەم دیاردە بڵاوەی جیهانیئیسلامی. بۆتێگەیشتن لەڕیشەکانی ئەم دیاردەیە پێویستە هەشت سەدە بگەڕێینە دواوە. بەم جۆرە دەبینین زانستی مێژوو زۆر بەباشی مەسەلەکانمان بۆ ڕۆشن دەکاتەوە، گەر بزانین لەگەڵ کەلەپوری ئیسلامیدا چۆن میتۆدەکانی بەکاردەهێنین. ئەوە فکری ڕەخنە گرانەیە ئیسلام لەناخەوە تازە دەکاتەوە، کەوا ئێمە ئێستا زۆر پێویستمان پێیەتی. هەر ئەمەش هزری ئیسلامی دەکاتەوە بەسەر میتۆدەکانی زانستە مرۆڤایەتیەکان و زاراوەکانی و دەستکەوتە مەعریفەکانی کە زۆر مەحاڵە بتوانین لەمڕۆ بەدواوە فەرامۆشی بکەین. بەو جۆرە دەبینین بەکارهێنانی میتۆدە تازەکان لەکەلەپوری ئیسلامیدا زۆر پێویستە بۆئەوەی هزری ئیسلامی لەو وەستانەی ئێستای پێ ئازاد بکەین.

**هاشم: بەڵام لەکاتێکدا میتۆدی مێژوویی لەسەدەی نۆزدەهەمدا لەسەر مەسیحیەت جێبەجێکرا، کاردانەوەو هەڵچونێکی توند لای فەندەمینتاڵیزمی مەسیحی ڕوویدا, تازەگەرەکانیان بەتێکدەرو وێرانکردنی کەلەپورو دەرچوون لە بڕوای ئاینی و... هتد تاوان باردەکرد.**

ئارگۆن: بەڵێ، ئەمە ڕاستە. بەڵام دەتەوێت چی بکەین؟ یان ئەوەتا بجوڵێین و شتەکان ببزوێنین, یان ئەوەیە تەسلیمی قەدەرەکان بین. پێویستە شتێك بکەین بەرامبەر رەوشی ئێستا. ناتوانین دەستەپاچە دانیشین بەرامبەر ئەوانەی ڕوودەدات. ئەزمورونی مەسیحیەت لەسەدەی نۆزدەدا لەگەڵ مۆدێرنەدا ئەوەمان نیشان دەدات، کەوا ئێمە لەبەردەم سایکۆلۆژیایەکی ئاینی هاوبەشداین لای فەندەمینتاڵیزمی ئیسلام و مەسیحی وەك یەك. ئەمە گەورەترین بەڵگەیە لەسەر گونجاوی ئەو میتۆدانە بۆبەکارهێنانیان لەسەر کەلەپورە ئاینیەکان. پێم وایە زانستە کۆمەڵایەتی و مرۆڤایەتیەکان دەوڵەمەند دەبێت و ڕاسگۆییەکی زیاتر بەدەست دێنێت، گەر لەگەڵ کەلەپوری ئیسلامیدا بەکار بهێنرێت, چونکە تائێستا هیچ ئەزمونێکی پراکتیکی نییە، لەگەڵ کەلەپوری مەسیحی ئەوروپیدا نەبێت, ئەمەش بەس نییە بۆ سەلماندنی متمانەیان پێویستە بەسەر کەلەپورێکی قورسی وەکو ئیسلامیدا جێبەجێ بکرێت، بۆ ئەوەی ماوەی ڕاستگۆیی میتۆدو زاراوەکانیان تاقی بکرێتەوە، لە ڕاستیدا ئەمەیە کەوا ڕۆژهەڵات ناسە گەورەکان لەسەدەی نۆزدەهەمدا دەستیان پێکرد. لێکۆڵینەوەکانیان کاردانەوەی هەڵشانەی لەنێو ناوەندە کۆنزەرفاتیڤە ئیسلامیەکاندا دروستکرد, وەك چۆن لێکۆڵینەوەی هاوکارەکانیان هەمان کاردانەوەی لای مەسیحیە کۆنزەرفاتیڤەکان دروستکرد، لەکاتێکدا هەمان میتۆدیان بەسەر کەلەپوری مەسیحیدا جێبەجێکرد. لێرەدا میتۆدی بەراورد کاری زۆر شتمان بۆ ڕۆشندەکاتەوە, نابێت بەبەندی و داخراوی لەناو ماڵ و کەلەپوری خۆماندا بمێنێتەوە. زۆر پێویستە بکرێنەوە بەسەر کەلەپورەکانی ترداو ببینین چی تیا ڕوودەدات.

مەبەستم چییە لەسایکۆلۆجیای ئاینی هاوبەش لای ئیسلام و مەسیحی وەك یەك؟ مەبەستم پێکهاتنی ئەو ئەقڵیەتە کۆمەڵایەتییە، کە بەدرێژایی چەند سەدەیەك لە ڕێگای سیستمی فێرکردنی قوتابخانەی (سکۆلاستیکی)ەوە دروستبوو. ئیتر لەمەوە زۆر زەحمەتە ئەقڵەکان لەم ئەقڵیەتە تەقلیدیە جێماوەی باب و باپیران ئازاد بکەین. ئەم ئەقڵیەتە کۆمەڵییە وەکو چیمەنتۆ چیایەکی کەڵەکە بووی لێپێکهاتووە بەهۆی بەجێگەیاندنی ئەرك و سروتە ئاینیە ڕۆژانەییەکان و ئاهەنگە ئاینیەکانەوە وای لێهاتووە ئازادکردنی ئەقڵی خەڵکی لێی کارێکی زۆر زەحمەت بێت. بەڵام جیاوازی نێوان لایەنی مەسیحی_ئەوروپی و لایەنی عەرەبی_ئیسلامی ئەوەیە لایەنی ئیسلامی تائێستا ڕووبەڕووی

لێکۆڵینەوەیەکی زانستی نەکراوەتەوە, ئێمە دوایی بەدەست هێنانی سەربەخۆیی چاوەڕێبووین ئەمە بکرێت. بەڵام زۆربەی سیستەمە سیاسیەکان سیستەمی فێرکردنی تەقلیدی ئاینیان وەك خۆی هێشتەوە، فێرکردنێکی تەسکی دڵخۆشکەر، ئەوە بوو فێرکردنی ئاینیان جیا کردەوە لەخوێندنی زانستە مرۆڤایەتی و فەلسەفیەکان، بەڵکو تێبینی دەکەین تائێستا زانستە مرۆڤایەتیەکان بەشێوەیەکی چاك نەچۆتە ناو پرۆگرامی فێرکردنمانەوە, گەر وانییە چۆن دەکرێت مەسەلەکان تەشەنە بکەن و تووشی ناسەقامگیری بن؟ لەبارو دۆخێکی وادا بۆچی سەرکەوتنی ڕەوتی ئیسلامی فەندەمینتالیزمی توندڕەو بەسەر ئیسلامی ئەقڵانی کراوەی لێبوردەدا پێ سەیرە؟ نابێت سەرسامبین بەرامبەر ئەو شتانەی کە ئەمڕۆ ڕوودەدەن. ئەوەی ئەمڕۆ لەجەزائیر, میسر, پاکستان,...هتد ڕوودەدات، شتێکی ئاساییەو نابێت پێمان سەیر بێت. دواکەوتنێکی ترسناك هەیە لەسیستەمی خوێندنی زانکۆیی عەرەبی_ئیسلامیدا. وتاری ڕۆژنامەو گۆڤارو کتێبەکان بخوێنەرەوە ئەمەی تیا دیارە. ئەوەندە بەسە لاپەڕەکانیان هەڵدەینەوەو لەمە دڵنیا بین. هەروەها لەناو ئەو گفتوگۆ سواوو دوو بارانەی لەجیهانی عەرەبیدا دەکرێت ڕەنگی داوەتەوە, هەر هەمان قسە دووبارە دەکاتەوەو دەڵێت: نا.. نا تێکەڵی مەکە لەنێوان هەموو موسڵمانان و فەندەمینتالیستەکان, لەیەکتری جیاوازن. بەڵام ئەم قسانە زۆر ئایدیالیستیانەو تەمبەڵانەیەو لەبەردەم هیچ تاقیکردنەوەیەکدا خۆی ناگرێت. ئەمە قبوڵ ناکرێت گەر سەیری مەسەلەکان بکەین لەڕوانگەیەکی مێژووییەوە, چونکە لە فۆرمە فەندەمینتالیستەکەی ئیسلامدا شتێك لە هزری ئیسلام ئامادەیی هەیە, ئەم ئامادەییەش بریتیە لەبیری فەندە مینتاڵیزمی پشتبەستوو بە ئسوڵەکانی ئاین و فقهی ئیسلامی. ئەو فەندەمینتاڵیزمەی کەوا سەرچاوەیەکی گرنگی بیری ئیسلامی ئەمڕۆ پێکدێنێت، تائێستا ڕووبەڕووی پیاچونەوەی ڕەخنە گرانی جدی نەکراوە لەبەر ڕۆشنای میتۆدە نوێکانی زانستی مێژوو, زانستی زمانەوانی مۆدێرن, سۆسۆلۆجیا, سایکۆلۆجیای مێژوویی و هەموو لقەکانی تری زانستە مرۆڤایەتیەکان. تائێستا ئسوڵی فقهی و ئسوڵی ئاینی

لە کۆلێژەکانی شەریعەت و پەیمانگا تەقلیدیەکان دەخوێنرێت وەك ئەوەی کە لەسەدەکانی ناوەڕاستدا دەخوێنداران. باشە چۆن دەتەوێت نەوەیەکی تازەی ئیسلامی دروستبێت و ڕێنسانس بکات و نەوەیەکی کراوەی ئازاد لە ئەقڵیەتی سەردەمە بەسەر چووەکانی لێدەرچێت. ئەم ئسوڵانە لە سەدە ناوەندیەکانی سەرەتا دەخوێندران باشتر لەوەی کە ئێستا هەیە, بۆچی؟ چونکە ئەوکاتە دیالۆگی نێوان ئاینزاکانی شافعی, حەنەفی, مالکی و تەنانەت شیعەو سونەش دەکراو بەردەوام بوو، دیالۆگی نێوان شیعەو سونە بەشێوەیەکی ئاشتیانە بەردەوام بوو تاوەکو سەدەی دەیەمی زاینی, یان سەردەمی پلورالیزمی داهێنەرانەی شارستانیەتی عەرەبی ئیسلامی، دواجار ئەم دەسکەوتە شارستانیانە بەجۆرێك کۆتای پێهات ئاینزاکان بەرامبەر یەکتری کەوتنە ناکۆکی و گۆشەگیریەوە، وەك ئەوەی دیواری چین لەنێوانیاندا بێت.وایان لێهات وەك ئەوەی وابەستەی یەك ئاین و یەك قورئان و یەك پێغەمبەر نەبن. گفتوگۆی نێوان شیعەو سونە لە گۆڕەپانەکەدا تەواونەبوو دوای سەدەی (١١ز)و سەرکەوتنی سەلجوقیەکانی تورك, ئەوانەی کەوا گۆشەگیریەکی مێژووییان بەسەر ئاینزاکانی ئیسلامدا سەپاندو هەرئەوان بوون دەرگای ئیجتهادیان داخست و ئەو پلورالیزمە بڕواییەی لەئیسلامدا هەبوو نەیان هێشت, بۆیە سەردەمی ئەوان بەسەرەتای داڕوخان و تێکشکان دادەنرێت.

**هاشم: تۆ هەموو پرۆژە فکریەکەی خۆت دەخەیتە ژێرئەم ناونیشنە دیارەوە: ڕەخنە لەئەقڵی ئیسلامی مەبەستت لەمە چییە؟**

ئارگۆن: ئەم پرۆژەیە بۆ یەکەم جار دەستی پێکرد کاتی خەریکبوونم بە تێزی دکتۆراکەم لە سەر مسکەوەیهی(هیومانیزمی عەرەبی لەسەدەی چوارەمی کۆچی:مسکەوەیهیی فەیلەسوف و مێژووناس ) ئیبن ئەلخلدون ئاماژەی بەچاکی مەسکەوەیهی کردووە, ئەمە بەڵگەی گرنگیەتی ئەم بیریارەیە، ئاسۆیەکی فراوانی بۆ کردمەوە, من ئازادیەکی سەرسوڕهێنەرم لابەدی دەکرد بەراورد بەدۆگماتیزی ئەقڵی ئاینی ئەمڕۆ. بۆم دەرکەوت کەوا ئەقڵ بەکار دەهێنێت بەشێوازی فەیلەسوفەکانی یۆنان، تەواو هزری یۆنانی هەرسکردبوو کەوا دەقەکانی وەرگێڕاوبوون بۆ سەر زمانی عەرەبی پێش لەدایکبونی لەسەدەی(٤ك)و(١٠ز) ئەم بیریارە ئیسلامە تەبەنای ئەقڵی ڕەخنە گرانەی فەلسەفی بەهەموو ڕەهەندەکانیەوە کرد. دواجار تووشی بیریارەکانی تری سەردەمی مسکەوەیهی بووم پێش هەموویان (ئەبو حەیانی

و: محەمەد حسەین

تەوحیدی) بەم جۆرە تێزێكی تەواوم دەربارەی ئەو نەوە ڕۆشنبیرە نووسی, نەوەی مەسكەوەیهی تەوحیدی، دیارە ئەوان كتێبێكیان بەشێوەی پرسیارو وەڵامو نامە گۆڕینەوە داناوە, ئەم كتێبە هاوبەشە كتێبی"الهوامل والشوامل" هاوشێوەی لەزمانەكانی تردا نادۆزمەوە, ئەمە یەكێكە لەگەنجینە بەنرخەكانی كەلەپوری عەرەبی_ ئیسلامی. ئەوە خوێندنەوەی مسكەوەیهیو تەوحیدی بوو لە ئەقڵیەتی دۆگماتیزمی تەسك ئازادی كردم, ئەو ئەقڵیەتەی كە تائێستا بەسەرماندا زاڵە، زۆر بەداخەوە.

**هاشم: جیاوازی نێوان پرۆژەكەی تۆ"ڕەخنە لە ئەقڵی ئیسلامی"و پرۆژەكەی محەمەد عابدجابری "رەخنە لە ئەقڵی عەرەبی "چییە؟**


محەمەد ئەرگۆن


محەمەد عابد جابری

ئارگۆن: بڕوام وایە جابری بەشداری لە بزوتنەوەی بەرخۆری (استهلاك) ئایدۆلۆژی كەلەپوردا كرد. بەمانایەكی تر هەوڵی دەدا هەندێك خەسڵەتی سەردەمی كلاسیك دەرخات (سەردەمی زێڕینی شارستانیەتی عەرەبی_ئیسلامی) عەرەبی ئەمڕۆ ڕازیبكات بەوەی ڕابردوویەكی پرشنگداریان هەیەو دەتوانن پشتی پێببەستن بۆ ئەوەی ڕووبەڕووی مۆدێرنتیەتی ئەوروپی پێ ببنەوە. بەڵام گرفتەكە لێرەدایە، كە چارەسەر لەبەر خۆری ئایدۆلۆژیای كەلەپوردا نییە, یان لەشانازیكردن بەباب و باپیرانەوە نییە, بەڵكو لەوەدایە ئەم كەلەپورە وەكو خاڵی دەرچوون بۆ گەیشتنی بە ڕەوڕەوەی شارستانیەتی هاوچەرخ دابنرێت كەلەپوری عەرەبی_ ئیسلامی سەرەڕای گەورەیی و گرنگی هەرلەناو ئەو بارودۆخە ئەقڵیەی سەدە ناوەندیەكان دەرناچێت كە تێدا سەوز بووە. لەڕاستیدا چارەسەر لای ئەم ڕابردووە زێڕینە نییە, بەڵكو دەكرێت وەك ئامرازێك كە بزانین چۆن بەكاری بێنین و گەشەی پێبدەین و تێپەڕێنین بمانگەیەنێتە چارەسەرێك. سەرەڕای ئەمەش چەمكی ئەقڵی ئیسلامی هەستپێكراوترە تاچەمكی ئەقڵی عەرەبی. ئەقڵی ئیسلامی لە دەقەكانو ئەقڵەكانیشدا ئامادەیی هەیە, دەتوانین دەستەبەری كەین بەشێوەیەكی بەرجەستەو هەموو ڕۆژێك لەگەڵی دەرگیرین. دەتوانین لێكۆڵینەوەیەكی ڕەخنەگرانەی مێژووی لەسەر بكەین، نەك لە ڕامانی و تەجریدی. ئەم ڕەخنەگرتنە لە ئەقڵی ئیسلامی هەنگاوی یەكەم پێكدێنێت، كە دەكرێت موسڵمانان لە ڕێگایەوە بچنە ناو مۆدێرنەوەو زاڵیش بن بەسەریدا. لە ڕاستیدا جابری خۆی بە دوور گرتووە لە بەكارهێنانی چەمكی ڕەخنە لە ئەقڵی ئیسلامی و گۆڕیویەتی بەڕەخنە لە ئەقڵی عەرەبی بۆ ئەوەی بە دووربێت لە كێشەو بەرپرسیاری. ئەمە فێڵێكی ئاشكرایەو لەكەس شاراوەنییە, كێشەی بەردەم ئەمڕۆو سبەینێشمان كێشەی ڕەخنەكردنی ئەقڵی ئیسلامییە، نەك عەرەبی, چونكە ئەقڵی عەرەبی خۆیشی ئەقڵێكی ئاینییە, یان نەچووەتە قۆناغی پاش ئاینەوە. چۆن دەكرێت ڕەخنە لە ئەقڵی عەرەبی بگیرێت بێ ڕەخنە گرتنی ئەقڵی ئایینی؟! ئەمە مەحاڵە. دواجاریش زیاد لە سەدان ساڵە رەخنە گرتنی ئەقڵی لاهوتی سەدە ناوەندیەكان وەكو ئەركێكی گرنگ لە بەردەمماندایە, بێ هەستان بەم ئەركە نە ئازاددەبین و نە ڕێگای دەربازبوونیش دەدۆزینەوە. بەڵگەی ئەمەش ڕووداوەكانی دنیای ئێستامانە. ئەمە مانای وانییە، جابری هیچی نەكردووە، هەوڵەكەی زۆر بەكەڵكەو یەكێكە لە گرنگترین هەوڵەكانی ناو ڕۆشنبیری عەرەبی. بەڵام بەس نییە پێویستە تێپەڕێنرێت بۆ هەوڵی قوڵترو دوور تر. بەكورتی پێویستە بچینە كرۆكی كێشەكانەوە و لێی دوورنەكەوینەوە بەبیانوی ڕازیكردنی خەڵك و جەماوەر. پێویستە ڕەخنە بچێتە ناو ناوەڕۆك و ڕیشەی شتەكانەوە نەك هەر ختوكەیان بدات یان بەتەنكی بەریان بكەوێت.

**هاشم: بۆچی ئەوروپا ڕێنسانسی بینیو لەسەدە ناوەندیەكان دابڕا، كەچی ئێمە نەماندی؟**

ئارگۆن: ئێمە دوو هەوڵی لە ناوچوومان هەیە بۆ ڕێنسانس. یەكەمیان لەسەردەمی كلاسیك بوو وەك ئەوەی وتمان و دووەمیان سەدەی نۆزدەهەم. گەر ڕێنسانسی یەكەممان بواری

بەردەوام بوونی هەبوایە، ئەوا ئێمە پێشەنگی بزوتنەوەی مێژوو دەبووین. ئێمە پێش ئەوروپا گەیشتینە ڕۆشنگەری و کەڵکی زۆریان لێوەرگرتین. بەڕاستی پێشەنگبووین لە بوارەکانی زانستەکان و ئەدەب و فەلسەفە بەدرێژای هەردوو سەدەی (٩و١٠ز) (٣و٤ك), ئەوروپا زۆر شتی لێوەرگرتین تا سەدەی دوازدەهەم. بەداخەوە ئەم ڕێنسانسە جوانە زۆر نەژیا, پشتگیریەکی کۆمەڵایەتی چینی کراوەی وەکو چینی بورژوازی ئەوروپای نەبوو. دیارە گەر ئەم چینە دروست نەبوایەو بەڕووی هزرەتازەکاندا نەکرایەتەوەو پشتگیری فەیلەسوفە ڕۆشنگەرەکانیان نەکردایە لە سەدەی هەژدەهەمدا ئەوروپا نەیدەتوانی ئەو شارستانیەتە دروستبکات، کە ئەمڕۆ دەیبینین. ئەوە چینی بورژوازی بوو کۆت و سنورەکانی دەرەبەگایەتی لەکۆمەڵگادا شکاند, ئەوە ئەوان بوون چینە خانە دانەکانیان جێلەق کردو بەشداری دروستکردنی مۆدێرنەیان کرد. بەڵام ئەو چینە بورژوازیە بازرگانیەی لە ڕۆژگاری خەلیفە مەئموونددا پشتگیری هزری ڕۆشنگەری موعتەزیلەکان و فەیلەسوفەکانیان دەکرد، بەهۆی گۆڕانی هێڵی بازرگانی جیهانی عەرەبی ئیسلامی زوو لەناو چوو. ڕێنسانسی سەدەی نۆزدەهەممان تاوەکو سەرەتای پەنجاکانی سەدەی بیستەم بەردەوامبوو، ئەویش تێکشکا بەهۆی چەند فاکتەرێکی دەرەکی و ناوەکیەوە. هەمیشە چاوەڕوانی ڕێنسانسێکی تری نوێین. گەربێت و هەزارجاریش شکست بێنین لە ڕێنسانسدا هەر دەبێت جارێکی تر هەوڵ بدەینەوە. هەموو ئەوەی ئێستا دەیکەین بریتیە لەئامادەکاری بۆ ڕێنسانسێکی تری عەرەبی_ ئیسلامی ئەمەش ناکرێت لەڕێگای تازەوە نەبێت.

**هاشم: ئایا ڕۆشنبیرانێکی ڕەخنەگرمان هەیە کەوا بتوانێت میتۆدە تازەکان لەخوێندنەوەی کەلەپوری ئیسلامیدا بەکاربهێنێت؟**

ئارگۆن: هەست دەکەم تائێستا هیچ ڕۆشنبیرێکی ئیسلام نییە بوێرێت ڕەگی کێشەکان هەڵبکۆڵێت, بێگومان هەندێك هەوڵ هەیە, بەڵام زۆر ناڕوات پێویستە بزانین هزری عەرەبی _ ئیسلامی لەداهێنان کەوتووە لەدوای (ئیبن روشد ١١٩٨ز)و (ئیبن خەلدون ١٤٠٦ز).

کیشوەرێکی گەورە لەشتە حەرام و بیر لێنەکراوەکان یان ئەوانەی مەحاڵە بیریان لێبکرێتەوە دروستبوەو کەڵەکە بووە لەڕۆشنبیری عەرەبیدا بەدرێژای ئەم ماوەیە. ئەمە ئەوە دەگەیەنێت کەلێنێکی مێژوویی گەورە هەیە پێویستە پڕبکرێتەوە. دەبێت هەموو ئەو شتانەی کە هەبوون لەڕێنسانسی سەدەی نۆزدەهەمەوە تا سەرەتای پەنجاکانی سەدەی بیست لەبەرچاو بگیرێ, ڕۆشنگەرەکانی هاوەشێوەی "تەهاحسێن" کە بەدرێژکراوەی ئیبن روشد و ئیبن خەلدون دادەنرێت. ئەم ڕەوتە ئەقڵانییە رەخنە گرە بەردەوام نەبوون لەبەر چەند هۆکارێکی ناوەکی و دەرەکی.

دەکرێت بڵێین خوێندنەوەی رەخنە گرانەی کەلەپوری ئیسلامی بەدرێژای ئەم ماوەی دواییە دواخراوە. دوادەخرا بەبیانوی تێکۆشان دژی کۆلۆنیالیزم. ئەمە لێی تێدەگەین لەکاتی خۆیدا ڕەوایە, چونکە ئازادی ویستی نیشتمانی لەپێشەوەی هەموو شتەکانی تر دێت. ئەوە کەلەپوری یەکانگیری کۆمەڵی و نیشتمانی دروستدەکات، بۆیە نابێت ڕەخنەی لێبگرین لە ماندوێتی ململانێی دژی کۆلۆنیالیزمو ئامادەیی مەترسیە دەرەکیەکان. بەڵام ئێستا شتەکان گۆڕاون. دوای ئەوەی ئێستا هەربۆخۆمان دەژین و لە کۆلۆنیالیزم ڕزگاربووین لێکۆڵینەوەی رەخنەگرانەی وا زۆر پێویستە لەپێناو ئازادبوون لە کلێشەیەکی دۆکماتیزمی چەقبەستوی کەلەپور. دوای ئازادی لەدەستی دەرەوە ئێستا کاتی ئازادیە لە دەست گرفتە ناوخۆییەکان, ئەم بڵاوبونەوەی بزوتنەوە فەندەمینتالیزمیەکان چییە گەر بەڵگەیەکی گەورە نەبێت بۆ پێویستی دەستپێکردنی ئەم خوێندنەوە ڕەخنەگرانە قوڵەی کەلەپور.

**سەرچاوە**

(قظایا فی نقد العقل الدینی : محمد ارکون) ترجمة والتعلیق هاشم صالح
الطبعة الاولی/ دارالطلیعة للطباعة والنشر لبنان- بیروت- ص٣٣٥.٣٢٥